# لە ڕۆژی جیهانیی کچاندا
# داوای ئاوڕدانەوەی جددی لە دۆخی کچانی کوردستان دەکرێت

به مه‌به‌ستی تیشك خستنه‌سه‌ر كێشه‌كانی كچان و دۆزینه‌وه‌ی ڕێگه‌چاره‌ی گونجاو بۆ كێشه‌كانیان و هه‌روه‌ها بۆ نه‌هێشتنی به‌ربه‌سته‌كانی به‌رده‌م پراكتیزه‌كردنی مافه‌كانیان و دابینكردنی ژیانێكی باشتر و نه‌هێشتنی جیاكاری ره‌گه‌زی، له‌ ڕێككه‌وتی ٢٠١١/١٠/١٩ نه‌ته‌وه‌ یه‌كگرتووه‌كان به‌ بڕیاری ژماره‌ ٧٠/٦٦ بڕیاری دا ئه‌و ڕۆژه‌ وه‌ك ڕۆژی منداڵانی كچ له‌ جیهان بناسرێت، بۆ یه‌كه‌مجاریش نه‌ته‌وه‌ یه‌كگرتووه‌كان له‌ ٢٠١٢/١٠/١١ یادی ڕۆژی جیهانی كچانی كرده‌وه‌، ته‌نانه‌ت ساڵی ٢٠١٥ له‌لایه‌ن سكرتێری گشتی نه‌ته‌وه‌ یه‌كگرتووه‌كان كرا به‌ ساڵی كچان و له‌لایه‌ن كۆمه‌ڵی وڵات واژووی له‌سه‌ر كرا، گرنگترین هه‌وڵه‌كانیش بۆ بره‌ودان به‌ خوێندنی كچان و وه‌به‌رهێنان له‌ كچان و هاوكات ڕێگریكردن له‌ دیارده‌ی زوو به‌ شوودانی كچان بوو. هه‌ر له‌و باره‌یه‌وه‌ به‌شداربووانی ئه‌م ڕاپۆرته‌ی گوڵان دید و بۆچوونی خۆیان ده‌خه‌نه‌ڕوو.

گوڵان: كۆمه‌ڵایه‌تی



رۆژی ١١ی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک رۆژی جیهانیی کچان دیاری کراوە. ئەم رۆژە لەلایەن (روونا ئەمبروز) وەزیری کاروباری ئافرەتانی کەنەدا و ژمارەیەك لە ئافرەتانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیار کراوە، ئەویش بە مەبەستی پاراستنی مافی کچان و برەودان بە هەستی هۆشیاری و یەکسانیی رەگەزی لە هەموو جیهان و دووركەوتنەوە لە توندوتیژی، نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠١١ ئەم رۆژەی وەک رۆژی جیهانیی کچان دیاری کرد و بڕیاری لەسەردرا، لە ١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٢ش یەکەمین ساڵیادی بەڕێوە چوو، لەو کاتەوە بەردەوام ساڵانە یادی ئەم رۆژە دەکەنەوە و چالاکیی جۆراوجۆر و وۆرکشۆپی بۆ ساز دەکەن.

**رۆژی کچان رۆژێکی گرینگی جیهانییە و بۆ بایەخدان بە پەروەردەو بەگەڕخستنی تواناکانی کچان و دابینکردنی مافەکانیان و یەکسانیی رەگەزی تەرخان کراوە**

عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا، مامۆستای راگەیاندن لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، رۆڵی راگەیاندن لە بنیادنانەوەی کەسێتی کچ بەرز دەنرخێنێت و رایوایە: «میدیای کوردی بە هەموو رەنگ و دەنگ و ئامرازە جیاوازەکانی، ئەگەر بیانەوێ، دەتوانن رۆڵێکی یەکجار گەورە و کاریگەر لە بنیادنانەوەی کەسێتی مێینە ببینین، بەتایبەتی لە تەمەنی نەوجەوانیدا کە سەرەتای چرۆکردنی کەسێتییە و هێشتا سیما و تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسێتییە بە روونی نەخەملیوە، لە رێگەی دراما و بەرنامەی گفتوگۆی هەمەلایەنە و سازدانی پێشبڕکێی زانستی بۆ بەهرەداران و کاری دەستی و وێناکردنی واقیعی کۆمەڵایەتی و دەروونیی کچان و دەستدانان لەسەر گرفت و خەمەکانیان دەتوانن کاری بەرچاو بکەن، هەروەها میدیاکان دەتوانن بە گواستنەوەی ئەزموونی سەرکەوتووی کچان لە وڵات و کولتوورە جیاوازەکان، رۆڵێکی کاریگەر لە بنیادنانەوەی کەسێتی مێینە لە کۆمەڵگە ببینن. بەمشێوەیە دەکرێ راگەیاندن رۆڵێکی ئەرێنی هەبێ، بەڵام ئەگەر کەناڵێکی ئاسمانی بیەوێ لە بەرنامەیەکی گفتوگۆ باس لەو خەمە بکات و دوای بەرنامەکەش درامایەکی بیانی پەخش بکات، کە کەسێتی کچ وێران بکات و ٣٦٠ پلە پێچەوانەی بەرنامەکەی پێش خۆی بێت، ئەوە پێی ناگوترێ رۆڵێکی ئەرێنی، ئەوە بێ بەرنامەیی و پاشاگەردانییە.»

**ئەو کچانەی کە باوکیان لەلا نەبووە، یان پشتیوانیان نییە لە قۆناغی گەشە و منداڵیدا، ئەوا لە تەمەنی گەورەییان کچانێک دەبن کە ناتوانن پشت بەخۆیان ببەستن**

**بڕیار و رێنمایی هەیە دەڵێ کچان تەنیا لە بەشی باخچەی منداڵان وەردەگیرێن، بەو پێیەی پەروەردەی منداڵان تەنیا کاری ژنانە، بەڵام سەرپەرشتیارەکانیان پیاون**

کۆمەڵناس نیاز محەمەد فەتاح، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە رۆژی کچان رۆژێکی گرینگی جیهانییە و بۆ بایەخدان بە پەروەردەو بەگەڕخستنی تواناکانی کچان و دابینکردنی مافەکانیان و یەکسانیی رەگەزی تەرخان کراوە. هاوکات دەڵێت: «چۆنیەتی دروستکردنی متمانە و کارکردن لەسەر دروستکردنی متمانە لەلای کچان چەند رووی





جیاوازی هەیە، یەکەمیان دیوە فسیۆلۆجییەکەیەتی کە بریتییە لە پەیوەندی لەگەڵ باوکی، توێژینەوەکان سەلماندوویانە کە ئەو کچانەی کە باوکیان لەلا نەبووە، یان پشتیوانیان نییە لە قۆناغی گەشە و منداڵیدا، ئەوا لە تەمەنی گەورەییان کچانێك دەبن کە ناتوانن پشت بەخۆیان ببەستن و پێویستیان بە هاوکاری و پشتیوانییە. بەداخەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر خێزان هێشتا بە چاوی نزم سەیری کچ دەکەن و جیاوازیی زۆر لەنێوان کوڕ و کچیان دەکەن. دووەم لایەن پەروەردەیە و زۆر گرنگە کە لە تەمەنی منداڵییەوە هەردوو ڕەگەز وەك مرۆڤ وێنا بکرێن و هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا نەکرێت. لایەنی سێیەم ڕۆڵی دەزگا پەروەردەییەکانە لە ناساندنی مانای یەکسانیی پێگەی کچان و کوڕانی کۆمەڵگە و ئامادەکردنی هەردوولایە بۆ ڕۆڵەکانیان بێ ئەوەی هەست بە بێزاری، یان شەرم بکەن. لایەنی چوارەم پەرلەمان و حکومەتە و دەبێت سەرجەم یاساو ڕێنماییەکان کە دەری دەکەن، بە جۆرێك نەبێت لە متمانەی کچان کەم بکاتەوە و هەست بە لاوازی، یان سنوورداری لە ڕۆڵ و پێگەیاندا بکەن، بۆ نموونە کە دەبینین، بڕیار و ڕێنمایی هەیە دەڵێ کچان تەنیا لە بەشی باخچەی منداڵان وەردەگیرێن، بەو پێیەی پەروەردەی منداڵان تەنیا کاری ژنانە، بەڵام سەرپەرشتیارەکانیان پیاون، یان لە یاساکانی بانکیدا دەڵێ دایك بۆی نییە دەفتەری پاشەکەوت بۆ منداڵەکەی بکاتەوە، ئەگەر پارەی خۆیشی بێت، دەبێت باوکی بۆی بکاتەوە. چەندەها نموونەی دیکە هەن کە هێز و متمانە ئەگەر هەشبێت، لەناوی دەبات. لایەنی پێنجەم ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان و خانمان و ئافرەتانە بە هاوکاری ڕاگەیاندنەکان کە سەرجەم هاووڵاتیان هۆشیار بکەنەوە لەو پێشهاتە نوێیانەی کە بەسەر ڕۆڵی هەر یەك لە کچان و کوڕاندا ڕوویداوە و قبووڵی بکەن. هیوادارم چیتر کچان تەنیا بیر لە ڕووکار و ڕواڵەتی دەرەوەیان نەکەنەوە و بەوە نەژین، لە هەمان کاتدا ئەو ڕواڵەتەش نەبێتە شتێ کە شەرمی لێ بکەن، یان لێی بێزار بن، دواجار ئەوە بوون و پێکهاتەی ئەوانە و گرنگە قبووڵیان بێت.»

کەلسوم گەزنەیی چالاکی مەدەنییە و یەکێکە لەو هەزاران هاووڵاتییەی کە خێزان بە کۆڵەکە و دامەزراوەیەکی گرنگ و پەروەردەیی کۆمەڵایەتیی بۆ پێگەیاندنی ئەندامانی خێزان وەسف دەکات و ڕایوایە «خێزانی تەندروست دەتوانێت نەوەیەکی تەندروست و داهێنەر پێشکەش بە کۆمەڵگە بکات». هاوکات دەڵێت: «لە پاڵ خێزان دامەزراوەکانی دیکەی ئایینی و سیاسی و ئابووری ڕۆڵیان لە بنیادنانی کچ و ژن هەیە و دروستکەری هێزو بیروباوەڕ و ئیرادەن بۆیان، بەداخەوە هەندێ بەهای کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی کۆمەڵگە و کولتوور و ئایین لە کۆمەڵگەی کوردی بوونەتە هۆی لەناوبردنی هێزو ئیرادی کچان و ژنان تا ئەو ڕادەیەی کە لە چوارچێوەی نەریتەکان قەتیسیان کردوون.» گوتیشی: «دروستکردنی متمانەو خۆشەویستی بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە خێزان، بەڵام بەداخەوە زۆر خێزانی کوردی هەن، ڕێگە نادەن کچەکانیان دەست بخەنە ناو هەموو کارو چالاکییەك بە بیانووی شەرم و عەیبە ڕێگرییان لێ دەکەن، وا سەیری ژن و کچ دەکرێت کەوا لاوازو بێ هێزن، بگرە زۆرجاریش بە چاوی بەزەیی و بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیی بێدەسەڵات سەیر دەکرێن، ئیتر کچەکانیش ئەو بیروباوەڕە لە ناخیاندا دەچەقێت و خۆشیان وا هەست دەکەن کە بێهێزن، بۆیە تاکو کچان لەو کۆت و بەندو نەریتە کۆمەڵایەتی و ئایینییانە ڕزگاریان نەبێت، ناتوانرێت بیروباوەڕو ئیرادەیان بۆ دروست بێت».

کەلسوم گەزنەیی لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ژنێکی خاوەن مووچەو داهات بەراورد بە ژنیکی بێ داهات بەهێزتر و خاوەن ئیرادەی زۆرترە.» نموونەش بەوە دەهێنێتەوە کە «ژنی مووچەخۆر و خاوەن بڕوانامە متمانەی زیاتری بەخۆی هەیە و توندوتیژیی هاوسەرەکەی قبووڵ ناکات، چونکە خاوەن داهاتە و دەتوانێت بەرپرسیاریەتی دابینکردنی ژیانی خۆی لەئەستۆ بگرێت.» هاوکات دەڵێت: «هۆشیاری، پەروەردەی خێزان، بانگەوازی مامۆستایانی ئایینی لە مینبەرەکان، ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، نەبوونی خانمان بە پاشکۆی حزب، جێبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بە مافی مێینە و دەرکردنی یاسای گونجاو بۆ خزمەتکردنی کچان یارمەتیدەرن بۆ دروستکردنی کەسایەتییەکی بەهێز بۆ خانمان. بۆ چارسەریش دەکرێت سوود لەو میکانیزمانە وەربگرین».

**لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر خێزان هێشتا بە چاوی نزم سەیری کچ دەکەن و جیاوازیی زۆر لەنێوان کوڕ و کچیان دەکەن**

**میدیاکان دەتوانن بە گواستنەوەی ئەزموونی سەرکەوتووی کچان لە وڵات و کولتوورە جیاوازەکان، ڕۆڵێکی کاریگەر لە بنیادنانەوەی کەسێتی مێینە لە کۆمەڵگە ببینن**

**لە یاساکانی بانکیدا دەڵێ دایك بۆی نییە دەفتەری پاشەکەوت بۆ منداڵەکەی بکاتەوە، ئەگەر پارەی خۆیشی بێت، دەبێت باوکی بۆی بکاتەوە**

# بەشوودانی کچانی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ داهاتوویان تووشی مەترسیی جۆراوجۆر دەکات

## ساڵانە ٢٣ ملیۆن کچی ژێر تەمەنی ١٥ ساڵ لە جیهاندا بە مێرد دەدرێن

رێکخراوی یونیسێفی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەیاننامەیەکدا لەبارەی بەشوودانی کچانی ژێر تەمەنی ١٥ ساڵ هۆشداری داوەتەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و داوای کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە دەکات. هاوکات ئاشکرای دەکات کە ساڵانە لە جیهاندا ٢٣ ملیۆن کچی ژێر تەمەن ١٥ ساڵ بەمێرد دەدرێن. تا ئێستا هاوسەرگیریی منداڵانی ژێر تەمەنی یاسایی (١٨ ساڵ) لە ٥٠ وڵاتدا شتێکی ئاسایی و رێپێدراوە، بەڵام بەپێی ئامارەکان و بەهۆی ئەو دیارەدەیە، ساڵانە نزیکەی ٥٠ هەزار ژنی دووگیان لە تەمەنی ١٥ تا ١٩ساڵی لە ئاستی جیهاندا گیانیان لەدەست دەدەن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان خوێندنەوەی خۆیان بۆ ئەم دیاردە مەترسیدارە دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



**هاوسەرگیری لە تەمەنی نایاسایی ئەنجامێکی زۆر نەرێنی دەبێت، بەتایبەتی بۆ کچان، چونکە کچ لە تەمەنی بچووکدا لە رووی جەستەیی و عەقڵی و بایەلۆژی بەتەواوی پێنەگەیشتووە و لەو تەمەنەدا ئاستی هۆشیاری زۆر کەمە لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری و توانای بڕیاردانی نییە**

**هەندێ جار بەهۆی باری خراپی ئابووری دایک و باوکان کچەکانیان بە بێ ویستی خۆیان بە شوو دەدەن، بیر لەوە ناکەنەوە کە هۆی سەرەکیی کێشە و توندوتیژیی ناو خێزان، هاوسەرگیری زۆرەملێ و پێشوەختەیە، بۆیە ڕێژەی تەڵاقیش لەو قۆناغەی تەمەن زۆرە**

**پێویستە لەسەر دایک و باوک کە تەنیا لە رووی جەستەیی سەیری کچەکەیان نەکەن، دەبێ بزانن کە لە رووی عەقڵی و بایەلۆژییەوە کچ لەژێر تەمەنی یاسایی بۆ ژیانی هاوسەرێتی ئامادە نییە**

ڕێکخراوی یونیسێفی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەیاننامەیەکدا لەبارەی بەشوودانی کچانی ژێر تەمەن ١٥ ساڵ هۆشداری داوەتەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و داوای کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە دەکات. هاوکات ئاشکرای دەکات کە لە جیهاندا ساڵانە ٢٣ ملیۆن کچی ژێر تەمەنی ١٥ ساڵ بە مێرد دەدرێن. لە بەیاننامەکەی یونسێف (سندووقی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان)دا هاتووە: لە ئاستی جیهاندا یەك لەسەر سێی ژنانی تەمەن ٢٠ تاکو ٢٤ ساڵان کە لە ئێستا دەکاتە ٧٠ ملیۆن ژن، لە تەمەنی ژێر ١٥ ساڵییەوە ناچارکراون هاوسەرگیری بکەن. سەرەڕای پێشنیاری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ وڵاتان لەساڵی ١٩٩٤ بۆ سەرخستنی تەمەنی هاوسەرگیری بۆ ١٨ ساڵ، هێشتا زیاتر لە ٥٠ وڵاتدا هاوسەرگیری منداڵانی ژێر ١٨ ساڵ یاساییە، کەچی بەهۆی ئەو دیاردەیە، ساڵانە نزیکەی ٥٠ هەزار ژنی دووگیان لە تەمەنی ١٥ تا ١٩ ساڵی لەئاستی جیهاندا گیانیان لەدەست دەدەن.

ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوەش کردووە: کە لەنێو (٢٥) وڵاتی تازە گەشەکردوودا زیاتر لە سێ بەشی کچان پێش تەمەنی (١٨) ساڵی هاوسەرگیری دەکەن و ڕێژەی سەدا (٢٠)یشیان پێش ئەو تەمەنە دەبنە دایك، کە ئەوەش حاڵەتەکانی مردنی منداڵان و دایکانی لەو وڵاتانە زیاتر کردووە. پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ، هاوسەرگیری لە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ قەدەغە دەکەن و بەپێی یاسای زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو بەشوودانی پێشوەختی کچان دەچێتە خانەی توندوتیژی و دەستدرێژی بۆسەر منداڵی کچ. کەچی لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی بە کوردستانیشەوە هاوسەرگیریی پێشوەخت وەك دیاردەیەك بوونی هەیە. لە ئاستی جیهانیشیدا ساڵانە (١٤) ملیۆن ئافرەت لە تەمەنی (١٤ تا ١٩) ساڵ دەبن بە دایك و دایکانی ژێر تەمەن ١٥ ساڵیش زیاترین قوربانییەکانی ئەو دیاردەیەن کە لەکاتی منداڵبووندا گیان لەدەست دەدەن. سەرەڕای ئەوەش زۆربەی ئەو هاوسەرگیرییانە جیابوونەوەی هاوسەران و زۆر کێشەوگرفتی دیکەی کۆمەڵایەتی لێکەوتووەتەوە.

مافناس و یاریدەری دادوەری شۆڕش حەسەن، لە رووی یاساییەوە پرسەکە تاوتوێ دەکات و سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە بە پێی یاسای ژمارەی ١٨٨ ساڵی ١٩٥٩ی عێراقی بە پشت بەستن بە ماددەی ٧ بڕگەی یەکەم، یەکێك لە مەرجەکانی هاوسەرگیری ئەوەیە کە دەبێت ئەهلییەتی هاوسەرگیری لە ژن و پیاودا هەبێت، واتە تەمەنی ١٨ ساڵی تەواوبێت، بەڵام لە ماددەی ٨ دا هاتووە، دادوەر بۆی هەیە ئەگەر کەسێك ١٥ ساڵی تەواو کردبوو بە ڕەزامەندی وەلی ئەمری دوای ئەوەی بۆ دادوەر دەردەکەوێت کە کەسەکە لێوەشاوەیی جەستەیی و عەقڵی هەیە بۆ هاوسەگیری، دەتوانی بە ڕەزامەندی وەلی ئەمری مارەی ببڕێت و ڕێگەی هاوسەرگیری پێ بدات، بەتایبەتی ئەگەر ئەو هاوسەرگیرییە زەرووڕەتێکی هەبوو، بەڵام لە هەرێمی کوردستان دوای دەرچوونی یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨ کارکردن بە حوکمی ئەو ماددەیە ڕاگیراوە و بەم شێوازەی لێهاتووە: هەر کەسێك ١٦ ساڵ تەمەنی تەواو کرد وداوای هاوسەرگیری کرد، دادوەر بۆی هەیە ڕێگەی پی بدات، ئەگەر دەرکەوت شایستە و توانای جەستەی هەیە ئەمەش دوای ڕەزامەندی سەرپەرشتیار (وەلی ئەمر). لە لایەکی دیکەوە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ ساڵی ١٩٦٩ و لە مادەی ٣٢٩ بڕگەی ١و٢ هاتووە: هەر کەسێك هەڵسێت بە ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەری بۆ کچێکی (قاصر) لە دەرەوەی دادگا، ئەوە سزا دەدریت بە زیندانیکردن، یان غەرامەکردن.

توێژەری دەروونی پاوان کۆیی، سەبارت بە هەمان پرس ڕایوایە: «هاوسەرگیری پرۆسەیەکە لەنێوان دوو ڕەگەز کە دەبێت بەویست و خواستی خۆیان بێت، هاوکات دەبێت لە رووی تەمەنەوە لە١٨ ساڵ کەمتر نەبێ و هەروەها لە رووی جەستەیی وعەقڵی و بایۆلۆژییەوە گونجاو بێ، بەڵام هاوسەرگیری کچان لەتەمەنی بچووکدا لەو چەند ساڵانە بووەتە چاولێکەری، کە بێگومان هاوسەرگیری لە تەمەنی نایاسایی ئەنجامێکی زۆر نەرێنی دەبێت، بەتایبەتی بۆ کچان، چونکە کچ لە تەمەنی بچووکدا لە رووی جەستەیی و عەقڵی و بایەلۆژی بەتەواوی پێنەگەیشتووە و ئاستی هۆشیاری زۆر کەمە لە سەر پرۆسەی هاوسەرگیری و توانای بڕیاردانی نییە و بە عەقڵ بیر ناکاتەوە، بۆیە دەبێ دایك و باوك زۆر ئاگاداری کچەکانیان بن، چونکە تەمەنی زۆر هەستیارە خوار ١٨ ساڵ و زۆربەی ئەو کچانە لە خوێندنگە کە هاوڕێیەکیان شوو دەکا، ئەوانی دیکەش چاوی لێدەکەن، لەو تەمەنەش ئەزموونیان زۆر کەمە و کێشەیان بۆ دروست دەکات، چونکە خۆیان لەو تەمەنە پێویستیان بە ڕێنماییکردنە، قۆناغێکە لە رووی جەستەیی و عەقڵی بە تەواوی پێنەگەیشتوون و لە رووی تەندروستیشەوە کاریگەری زۆر خراپی هەیە، چونکە لەو تەمەنە لە رووی جەستەیی و بایەلۆژی کامڵ نییە و پێنەگەیشتووە و ئامادە نییە ببێ بە دایك.» گوتیشی: «هەندی جار بەهۆی باری خراپی ئابووری دایك و باوکان کچەکانیان بە بێ ویستی خۆیان بە شوو دەدەن، بیر لەوە ناکەنەوە کە هۆی سەرەکیی کێشە و توندوتیژیی ناو خێزان، هاوسەرگیری زۆرەملێ و پێشوەختەیە، بۆیە ڕێژەی تەڵاقیش لەو قۆناغەی تەمەن زۆرە. بۆیە پێویستە لەسەر دایك و باوك کە تەنیا لە رووی جەستەیی سەیری کچەکەیان نەکەن، دەبێ بزانن کە لە رووی عەقڵی و بایەلۆژییەوە کچ لەژێر تەمەنی

یاسایی بۆ ژیانی هاوسەرێتی ئامادە نییە.»

ئەو توێژەرە دەروونییە بە پێویستی دەزانێت، دایك و باوکان جگە لە ڕەچاوکردنی تەمەنی یاسایی بۆ شووکردنی کچیان، ئەم خاڵانەش لەبەر چاو بگرن:

١- ئایا توانای چارەسەری کێشەی هەیە کە لە نێوان خۆی و هاوسەرەکەی ڕوودەدات؟ ٢- ئەو کەسەی شووی پێ دەکات، بە باشی دەیناسێت و ڕەفتار و بیرکردنەوەی لەگەڵ کچەکە دەگونجێت؟

٣- زانیاریی تەواوتان لە سەر باری ئابووریی و داهاتی کوڕەکە هەیە؟

٤- لە ڕووی عەقڵی و دەرونییەوە کچ و کوڕەکە بۆ هاوسەرگیری گونجاون؟

٥- کچەکە توانای بڕیاردانی هەیە و دەتوانێت خۆی بڕیار لەسەر ژیانی خۆی بدات؟

٦-ریزگرتن و پاریزگاری کردن پەیوەستیان بەو (عقد زواج) کە لەنێوانیاندایە.

عارف روشدی راوێژکاری پارتی دیموکراتی کوردستان، بەمجۆرە خوێندنەوەی خۆی بۆ پرسەکە دەخاتەڕوو: «کێشەی ئافرەت بەگشتی پەیوەندیدارە بە ئاستی پێشکەوتنی کومەڵگە لە ڕووی (کومەڵایەتی و ئابوورییەوە)، هەروەها لە ئاستی پێگەیشتن و هوشیاری و زانینەوە، هەر کاتێك کومەڵگە گەیشتە ئاستێکی گونجاو لەو بوارانەدا دەکرێت کێشەی ئافرەت و نایەکسانیی ڕەگەزی بەرەو کوتایی هەنگاو بنێت. ئەو گرفتە واتە هاوسەرگیریی پێشوەخت، تەنیا بە بڕیار و دەرکردنی یاسا چارەسەرناکرێت، پێویستە شان بە شانی بڕیار و یاساکان خێزان و تاکەکانی کومەڵگە لە پرسی هاوبەشی و یەکسانی و مافەکانی مروڤدا بە تەواوی هوشیار بکرێنەوە. پێموایە ئەگەر توانای ئەوەمان هەبێت، ڕێژەی بێکاری بە شێوەیەکی گشتی کەم دەکەینەوە و زیاتر ڕەگەزی (مێ) تێکەڵ بە پرۆسەی بەرهەمهێنان و کار دەکرێت، بەوەش دەرگایەکی چالاك دەکرێتەوە بۆ گەشەکردنی باری ئابووری، کە هاوشان دەبێت لەگەڵ کرنەوەی کومەڵایەتی و پێشکەوتنی خوشگوزەرانی، لە مەشدا ڕێژەی توندوتیژی و هەڵسوکەوتی ناجۆری کومەڵایەتی بەرەو ئاوابوون دەچێت. لە هەمان کاتدا پێویستە حکومەت و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بەردەوام پەرە بە وۆرکشوپ و ڕاهێنانی گەنجان بدەن. هەروەها گرنگە پیاوانی ئایینی ئەوانەی هەڵگری هزری تەندروستی ئایینین، ڕۆڵیان هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی دایك و باوکاندا و ئاراستەکردنیان بەرەو ڕێزگرتن لە وەچەی خۆیان و بایەخی زیاتر بە پێوەرەکانی دروستکردنی ژیانی هاوبەش بۆ منداڵیان بدەن و بە شێوەی لە یەکتر گەیشتن ئیدارە بدرێن.»

نووسەر و ڕۆشنبیر ئازا حەسیب قەرەداخی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کە خێڵ و قەبیلە عەرەبەکان بەناوی فتوحاتی ئیسلامییەوە هێرشی وێرانکارییان بۆ سەر خاکی گەلانی دیکە دەست پێکرد و پاش کوشتاری بێشومار چەندین ناوچەیان داگیرکرد. لەگەڵ خۆیان خراپترین دابونەریت و کولتووری بەداوەتیان هێنا و سەپاندیانن بەسەر ئەو نەتەوانەدا کە کەوتنە ژێر دەستیان. نەتەوەی کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانە و کەوتە ژێر کاریگەری کولتووری عەرەبی داگیرکارەوە و تا هەنووکەش بەشێك لەو دابونەریتانەی نەتەوەی زاڵ پەیڕەو دەکات. بەتایبەتی ئەوانەیان کە تایبەتن بە ئافرەتەوە. خۆ ئەگەر خۆڕاگری و مانەوەی ڕەگ و ریشەی دابونەریتە ڕەسەنەکانی کوردەواری و پیاوانی ئایینی منەوەری کورد نەبوونایە، ئەوا لەناو کوردەواریشدا ئەو کولتوور و دابونەریتە بەدەوییانەی عەرەب دەبوونە دیاردەی کۆمەڵایەتی و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی. بەڵام لەبەرئەوەی ئەو کولتوورە هەر لە بناغەوە نارەسەن و نامۆ بووە بە کوردەواری، بۆیە دەرکەوتەکانی هەر وەکوو حاڵەتی کۆمەڵایەتی ماونەتەوە و نەبوونەتە دیاردە. وەنەبێ ئەمەش هەر جێی شوکرانە بێ، نەخێر هەمیشە توێژی منەوەران و ڕۆشنبیران و پیاوچاکان شەڕی چارەنووسسازیان بەرامبەریان بەرپاکردووە و ئەوەندەی قۆناغی پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەرفەتی ڕەخساندووە، سنووردارییان کردوون و نەیانهێشتووە ببنە دیاردە. جێی داخە لەدوای ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەوەی ئەو کولتوورانە لە بەرگی ئیسلامی سیاسیدا، جارێکی تر دەروازەیان بۆ چوونەوە ناو کۆمەڵگە دۆزییەوە و دەستیان خستەوە ناو کاروباری کۆمەڵایەتی و شێوازی ژیان و جۆری پەیوەندییەکان، بە تایبەتیش لە نێوانی نێر و مێدا و پێوەرەکانی نایەکسانی و پاشکۆیی ژن بۆ پیاو و چەندینی دیکەیان زیندوو کردەوە. لەوانە پەیڕەوکردنی توندوتیژی بەرامبەر کچان و دوورخستنەوەیان لە خوێندن و سنووردارکردنی مافی کارکردن و دەستکەوتنی خزمەتگوزارییە ژیارییەکان تا دەگاتە خەتەنەکردن و بەشوودانیان لە تەمەنی خوار هەژدە ساڵیدا. ئەرکی حکومەتی هەرێمە کە لە ڕووی سیستم و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانەوە خۆی بە بەشێك لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بزانێ و پابەند بێ بە ڕێکارە جیهانییەکانەوە. لەمبارەیەوە مەبەست لە ڕۆژی جیهانیی کچانە و بە توندی بەرپەرچی ئەو حاڵەتانە بداتەوە کە دەچنە خانەی پێشێلکاریی بەرامبەر کچان. پیاوانی ئایینی منەوەر و ڕۆشنبیران و مێدیا و زانکۆ و قوتابخانەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش کاراتر و شێلگیرانەتر کار بۆ هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو ناوەندە سیاسی و مێدیایی و کۆمەڵایەتییانە بکەن، کە بازاڕی ئەو کولتوورە نامۆ و دژی ئینسانییەتی ئینسان بە گشتی و کچان بەتایبەتی گەرم دەکەن و بەرگی ئایینییان بە بەردا دەکەن.

**هاوسەرگیریی پێشوەخت، تەنیا بە بڕیار و دەرکردنی یاسا چارەسەر ناکرێت، پێویستە شان بە شانی بڕیار و یاساکان خێزان و تاکەکانی کومەڵگە لە پرسی هاوبەشی و یەکسانی و مافەکانی مروڤدا بە تەواوی هوشیار بکرێنەوە**

**گرنگە پیاوانی ئایینی ئەوانەی هەڵگری هزری تەندروستی ئایینین، ڕۆڵیان هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی دایك و باوکاندا و ئاراستەکردنیان بەرەو ڕێزگرتن لە وەچەی خۆیان و بایەخی زیاتر بە پێوەرەکانی دروستکردنی ژیانی هاوبەش بۆ منداڵیان بدەن**

**نەتەوەی کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانە کەوتە ژێر کاریگەری کولتووری عەرەبی داگیرکارەوە و تا هەنووکەش بەشێک لەو دابونەریتانەی نەتەوەی زاڵ پەیڕەو دەکات**